# پلەوپایەی باوەڕبوون بەفریشتەکان وچۆنیەتی وبەڵگەکانی

[ كردي – کوردی – kurdish ]

کۆمەڵێک لەزانایان

وەرگێڕانی: عبد السلام محمد پشدەری

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2012 - 1433

IslamHouse.com

# ﴿ منزلة الإيمان بالملائكة وكيفيته وأدلة ذلك ﴾

« باللغة الكردية »


جماعة من العلماء

ترجمة: عبد السلام محمد بشدري

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز



2012 - 1433

IslamHouse.com

## پلەوپایەی باوەڕبوون بەفریشتەکان وچۆنیەتی وبەڵگەکانی

پلەوپایەی باوەڕبوون فریشتەکان:

باوەڕبوون بە فریشتەکان پایەیەکە لەپایەکانی باوەڕ لەئاینی پیرۆزی ئیسلامدا، هەر بۆیە باوەڕ بەبێ باوەڕبوون بەفریشتەکان دانامەزرێت، خوای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا تەئکیدی لەمە کردوەتەوە وپێغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم) لە سوننەتی صەحیدا هەواڵی بەمە داوە .

خوای کەورە فەرموویەتی : ﴿ءَامَنَ ٱلرَّسُولُ بِمَآ أُنزِلَ إِلَيۡهِ مِن رَّبِّهِۦ وَٱلۡمُؤۡمِنُونَۚ كُلٌّ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَمَلَٰٓئِكَتِهِۦ وَكُتُبِهِۦ وَرُسُلِهِۦ﴾ {البقرة :285} واتە : پێغەمبەر بڕوای هێنا بەو نامەیەی کە بۆی نێرراوە لە پەروەردگاری یەوە لەگەڵ بڕواداراندا هەموو بڕوایان هێناوە بەخوا و فریشتەکانی و نامەکانی و پەیامبەرانی ... خوای گەورە هەواڵی داوە کە باوەڕ بوون بەفریشتەکان لەگەڵ ئەرکان وپایەکانی تری باوەڕدا کە ناردوویەتی بۆ

پێغەمبەرەکەی وواجبی کردووە لەسەر خۆی و ئوممەتەکەی، وئەوانیش گوێڕایەڵ بوون بۆی .

لەجێگایەکی تری قورئاندا دەفەرموێت : ﴿ لَّيْسَ ٱلْبِرَّ أَن تُوَلُّوا۟ وُجُوهَكُمْ قِبَلَ ٱلْمَشْرِقِ وَٱلْمَغْرِبِ وَلَٰكِنَّ ٱلْبِرَّ مَنْ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ وَٱلْمَلَٰٓئِكَةِ وَٱلْكِتَٰبِ وَٱلنَّبِيِّۦنَ ﴾ {البقرة:177} واتە : کرداری چاك و کاری باش تەنها بریتی نیە لە ڕووکردنتان بەرەو ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا (چونکە جولەکە زۆر لەسەر گۆڕانی قیبلە دووان و پڕو پاگەندەی زۆریان کرد)، بەڵکو کرداری چاك و کاری باش بریتیە لەوەی کە ئادەمیزاد باوەڕی هێنابێت بە خواو بە ڕۆژی دوایی و بە فریشتەکان و بەکتێبەکان و بە پێغەمبەران ..

خوای گەورە باوەڕبوون بەم شێوەیەی بە بەڵگەی چاکە وکاری باش داناوە، ئاشکرایە (البر) یش ناوێکی گشتگیرە بەکاردەهێنرێت بۆ هەموو کارێکی خێر، هەر بۆیە ئەم شتانەی کە باسکراون بریتین لە بنەماکانی هەموو کارێکی خێر وباشە، ویاپەکانی ئیمانیشن کە سەرجەم بەش ولقەکانی تریان لێ دەبێتەوە .

لەهەمان کاتیشدا خوای گەورە لەبەرامبەر ئەمەدا باسی
ئەوەی کردووە کە هەرکەس بێ باوەڕ بێت بەم بنەمایانە ئەوە
بێ باوەڕ بووە بەخوای گەورە، وەك فەرموویەتی : ﴿ وَمَن يَكۡفُرۡ
بِٱللَّهِ وَمَلَٰٓئِكَتِهِۦ وَكُتُبِهِۦ وَرُسُلِهِۦ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ فَقَدۡ ضَلَّ ضَلَٰلَۢا بَعِيدًا ﴾
{النساء:136} واتە : هەرکەسێك باوەڕی نەبێ بەخواو
بەفریشتەکانی و، بەکتێبەکانی و بەپەیامبەرەکانی و، بەرۆژی
دوایی، ئەوە لەرادە بەدەر لەرێگەی هەقەوە دوورەو چاوەڕوانی
هیدایەتی لێناکرێ..... خوای گەورە ئینکاری کردنی ئەم
بنەمایانەی بە بێ باوەڕی داناوە و وایش وەصفی کردووە کە
یەکجار گومڕابووە ولەهەق دوورکەوتوەتەوە، ئەمەش بەڵگەیە
لەسەر ئەوەی باوەڕ بوون بەفریشتەکان پایەیەکی گەورەیە
لەپایەکانی باوەڕ لە ئیسلامدا، وە هەرکەسێکیش وازی لێ
بهێنێت ئەوە لە ئوممەتی ئیسلام چوەتە دەرەوە .

هەروەها سوننەتی پێغەمبەریش (صلی اللە علیە وسلم)
بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە باسمانکرد، ئەمەش بەتەواوی لە
فەرموودە بەناوبانگەکەی جوبرەئیلدا بە ڕوونی دیارە، کە

ئیمامی موسلیم لە صەحیحەکەیدا لە فەرموودەیەکی عومەری کوڕی خەتابەوە (خوای لێ ڕازی بێت) ڕیوایەتی کردووە وتێیدا هاتووە : " بينما نحن عند رسول الله صلى الله عليه وسلم ذات يوم إذ طلع علينا رجل شديد بياض الثياب شديد سواد الشعر لا يرى عليه أثر السفر ولا يعرفه منا أحد حتى جلس إلى النبي صلى الله عليه وسلم فأسند ركبتيه إلى ركبتيه ووضع كفيه على فخذيه وقال يا محمد أخبرني على الإسلام فقال رسول الله صلى الله عليه وسلم الإسلام أن تشهد أن لا إله إلا الله وأن محمدا رسول الله وتقيم الصلاة وتؤتي الزكاة وتصوم رمضان وتحج البيت إن استطعت إليه سبيلا قال صدقت قال فعجبنا له يسأله ويصدقه قال فأخبرني عن الإيمان قال أن تؤمن بالله وملائكته وكتبه ورسله واليوم الآخر وتؤمن بالقدر خيره وشره قال صدقت قال فأخبرني عن الإحسان قال أن تعبد الله كأنك تراه فإن لم تكن تراه فإنه يراك قال فأخبرني عن الساعة قال ما المسؤول عنها بأعلم من السائل قال فأخبرني عن أماراتها قال أن تلد الأمة ربتها وأن ترى الحفاة العراة العالة رعاء الشاة يتطاولون في البنيان قال ثم انطلق فلبثت مليا ثم قال

لي يا عمر أتدري من السائل قلت الله ورسوله أعلم قال فإنه جبريل أتآكم يعلمكم دينكم " {صحيح مسلم بەفەرموودەی ژمارە (8)} واتە : عومەری کوڕی خەتاب (خوای لێ ڕازی بێت) ئەڵێت : ڕۆژێك ئێمە لای پێغەمبەر (صلی اللە علیە وسلم) بووین، کاتێکمان زانی پیاوێکی جلوبەرگ زۆر سپی، زۆر موو ڕەش لامان دەرکەوت، کە شوێنەواری سەفەری پێوە دیار نەبوو، وە کەسیش لە ئێمە نەیدەناسی، لای پێغەمبەر (صلی اللە علیە وسلم) دانیشت وئەژنۆکانی لکاند بە ئەژنۆکانیەوە و هەردوو لەپی دەستەکانیشی خستە سەر ڕانەکانی و ووتی : ئەی موحەممەد لەبارەی ئیسلامەوە هەواڵم بدەرێ ؟ پێغەمبەریش (صلی اللە علیە وسلم) فەرمووی : ئیسلام ئەوەیە کە شاهیدی بدەیت کە هیچ خوایەکی بەهەق شایانی پەرستن نییە جگە لە (اللە) و وموحەممەدیش پێغەمبەری خودا (اللە) یە، وە نوێژ بکەیت وزەکات بدەیت وڕۆژووی مانگی ڕەمەزان بگریت وحەجی ماڵی خودا ئەگەر دەسەڵاتت هەبوو ئەنجامی بدەیت، ئەمجا (جوبرەئیل) فەرمووی : ڕاست دەکەیت، عومەر ئەڵێت : سەرمان سوڕما پرسیاری لێ دەکات و پێشی ئەڵێت ڕاست دەکەیت،

ئـەمجـا (جـوبـرەئـيـل) فـەرمووی : لـەبـارەی بـاوەڕ (ئـيمـان) ـەوە هـەواڵم بـدرەیێ؟ پـێغـەمبـەر (صـلـی الـلـه علـيـه وسلـم) فـەرمووی : بـاوەڕ ئـەوەيـە كـە بـاوەڕت بـەخـوای گـەورە (الـلـه) وبـەفـريشتـەكـان وكـتـێبـەكـانـی وبـەپـێغـەمبـەرانـی وبـەڕۆژی دوايـی هـەبـێـت، وە بـاوەڕت بـەقـەدەر بـەخـێر وشـەڕی هـەبـێـت، ئـەمجـا (جـوبـرەئـيـل) فـەرمووی : ڕاسـت دەكـەيـت، ئـەمجـا ووتـی : لـەبـارەی ئـيحسانـەوە هـەواڵم بـدەرێ ؟ پـێغـەمبـەر (صـلـی الـلـه علـيـه وسلـم) فـەرمووی : ئـيحسان ئـەوەی كـە خـوای گـەورە (الـلـه) بـپـەرستـيت وەك ئـەوەی بـيبـيـنـيت خـۆ ئـەگـەر تـۆ ئـەو نـەبـيـنـيت ئـەوا ئـەو تـۆ دەبـيـنـێت، ئـەمجـا فـەرمووی : هـەواڵم بـدەرێ لـەبـارەی ڕۆژی دواييـەوە ؟ پـێغـەمبـەر (صـلـی الـلـه علـيـه وسلـم) فـەرمووی : ئـەو كـەسـەی پـرسـيـاری لـێكـراوە ( واتـه خـۆی) لـه كـەسـی پـرسـيـاركـەر (واتـه جـوبـرەئـيـل) زانـا وشـارەزاتـر نـيـيـه (بـەمـانـای ئـەوە كـە هـيـچ لـەبـارەی هـاتـنـی ڕۆژی دواييـەوە نـازانـم) ، ئـەمجـا (جـوبـرەئـيـل) فـەرمووی : لـەبـارەی نـيشـانـەكـانـی ڕۆژی دواييـەوە هـەواڵم بـدەرێ ؟ پـێغـەمبـەر (صـلـی الـلـه علـيـه وسلـم) فـەرمووی : نـيشـانـەكـانـی ئـەوەيـە كـە كـەنـيـزەك گـەورەكـەی خـۆی بـوو، هـەروەهـا ئـەگـەر

ڕووت و پێخاوس وهەژار وشوانی پەزەکانت بینی شانازیان دەکرد بە بەرزی کۆشکەکانیانەوە، ئەمجا عومەر ئەڵێت : پاشان ئەو کەسە ڕۆیشت ومنیش ماوەیەك مامەوە، ئەمجا پێغەمبەر (صلی اللە علیە وسلم) پێی فەرمووم : ئەی عومەر ئایا ئەزانیت ئەو کەسەی پرسیاری دەکرد کێ بوو ؟ منیش ووتم : خوا وپێغەمبەرەکەی زاناترن، فەرمووی : ئەوە جوبرەئیل بوو هات بۆلاتان ئاینەکەتان فێر بکات .

ئەم فەرموودەیە فەرموودەیەکی بەنرخ و گەورەیە کە بنەماکانی ئاین وهەموو پلەکانی لەخۆ گرتووە، ئەمەیش مەنهەجێکی دەگمەن و ناوازەیە لەبواری فێرکردنی ئەم ئاینە پیرۆزەدا کە لەشێوەی گفتوگۆ لەنێوان بەڕێزیترینی فریشتەکانی خوای گەورە کە جوبرەئیلە لەگەڵ پێغەمبەردا (صلی اللە علیە وسلم) کە بەڕێزترین مرۆڤە ڕوویداوە، جا بۆیە پێویستە لەسەر موسڵمانان زۆر گرنگی بدەن بەم فەرموودە بەنرخ وگەورەیە، و مەنهەجی فێربوون وفێرکردنی لێوە وەربگرن، هەروەك چۆن سەلەفی صاڵحی ئەم ئوممەتە (خوایان لێ ڕازی بێت) لەسەری بوون، ئەم فەرموودەیە ئەوەی لەخۆ

گرتووە کە باوەڕ بوون بەفریشتەکان پایەیەکە لەپایە گەورەکانی باوەڕ و( ئیمان ) کە ئێمە لێرەدا زیاتر ئەم فەرموودەیەمان بۆ ئەم مەبەستە باسکردووە ..... خوای گەورەیش زانا وشارەزا ترە .

چۆنیەتی باوەڕ بوون بەفریشتەکان :

باوەڕ بوون بەفریشتەکان چەند فەرمان وکارێکی گرنگی لەخۆ گرتووە کە پێویستە لەسەر بەندەکانی خوای گەورە جێ بەجێی بکەن، تاوەکو باوەر بەفریشتەکانی دامەزراو وجێگر بێت :

1-دان نان بە بوونیان وبەڕاست زانینیان وباوەڕ بوون پێیان، هەروەك چۆن ئەو دەقانەی قورئان و سوننەت کە پێشتر باسمانکرد بەڵگەن بوون لەسەری، کە باوەڕ بوون بەفریشتەکان پایەیەکە لەپایەکانی باوەڕ، بەشێوەیەك کە باوەڕ و ئیمان بەبێ باوەڕ بوون بەو فریشتانە دانامەزرێت و نایەتەدی .

2- باوەڕ بوون بەوەی کە فریشتەکان دروستکراوانێکی زۆری خودان، بەشێوەیەك جگە لەخوای گەورە کەس نازانێت ژمارەیان چەندە، هەروەك دەقەکان بەڵگەن لەسەر ئەم

ڕاستیە، خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿وَمَا يَعْلَمُ جُنُودَ رَبِّكَ إِلَّا هُوَ﴾ {المدثر:31} واتە : جگە لەخوا خۆی کەسی تر بە ژمارەی لەشکرو سوپای پەروەردگار نازانێ کەمەبەست پێی (فریشتەکانە).

بەو مانایەی کە هیچ کەس جگە لەپەروەردگار نازانێت ژمارەی سەربازەکانی خوای گەورە لەبەر زۆرییان کە فریشتەکانن چەندە، ئەمەش ووتەی هەندێك لە زانایانی سەلەفە .

لەفەرموودە درێژەکەی ئیسراء دا هاتووە کە شەیخان (بوخاری وموسلیم) لەفەرموودەیەکی مالیکی کوڕی صەعصەعە (خوای لێ ڕازی بێت) ڕیوایەتیان کردووە، کە پێغەمبەر (صلی اللە علیە وسلم) فەرموویەتی : " ....ثم رفع لي البيت المعمور، فقلت : يا جبريل ! ماهذا؟ قال : هذا البيت المعمور، يدخله كل يوم سبعون ألف ملك، إذا أخرجوا منه لم يعودوا فيه آخر ما عليهم " {صحيح البخاري بەفەرموودەی ژمارە ( 3207) و موسلیم بەفەرموودەی ژمارە ( 164)} واتە : پاشان بیت المعمورم بۆ بەرزکرایەوە، ووتم ك ئەی جوبرەئیل ئەمەچییە ؟ ووتی : ئەمە

بيت المعموره و هەموو ڕۆژێك حەفتا هەزار فريشتە دەچنە ناويەوە، هەركاتێكيش چوونە دەرەوە لێی كۆتايان ناگەڕينەوە ناويەوە .

لەصەحيحی موسليمدا عبد اللە ی كوڕی مەسعود (خوای لێ ڕازی بێت) ڕيوايەتی كردووە كە پێغەمبەر (صلی اللە عليە وسلم) فەرموويەتی : " يؤتي بجهنم يؤمئذ لها سبعون ألف زمام، مع كل زمام سبعون ألف ملك يجرونها " {صحيح مسلم بەفەرموودەی ژمارە (2842)} واتە : ڕۆژی دوايی ئاگری دۆزەخ دەهێنن كە حەفتا هەزار ڕەشوەی پێوەيە، هەر ڕەشوەشی حەفتا هەزار فريشتە ڕايدەكێشێت .

ئەو دوو فەرموودەی سەرەوە بەڵگەن لەسەر زۆری ژمارەی فريشتەكان، كاتێك (بيت المعمور) هەموو ڕۆژێك حەفتا هەزار فريشتە بچێتەوە ناويەوە وپاشان لێی دەربچن ونەگەڕێنەوە ناويەوە و فريشتەی تری غەيری ئەوان بێن و دۆزەخيش لە ڕۆژی دواييدا ئەو ژمارە زۆرەی فريشتە بيهێنن، ئايا غەيری ئەم فريشتانە كە ڕاسپێرراون بە ئەنجامدانی كاروباری تر

ژمارەیان چەند زۆر بێت؟ مەگەر هەر خوای گەورە خۆی بزانێت ژمارەیان چەندە !!

3- داننان بە پلەوپایە و مەکانەت ورێز و حورمەت وشەرەفی گەورەیان لای پەروەردگاریان، هەروەك خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿وَقَالُواْ ٱتَّخَذَ ٱلرَّحۡمَٰنُ وَلَدٗاۗ سُبۡحَٰنَهُۥۚ بَلۡ عِبَادٞ مُّكۡرَمُونَ (٢٦) لَا يَسۡبِقُونَهُۥ بِٱلۡقَوۡلِ وَهُم بِأَمۡرِهِۦ يَعۡمَلُونَ﴾ {الانبیاء : 26-27} واتە : بێبڕوایان وتیان: خوای بەخشندە فریشتەکانی کردووە بە منداڵ وکچی خۆی، نەخێر، ئەوانە منداڵی خوا نین، بەڵکو کۆمەڵە بەندەیەکی ڕێزداری ئەون و، خوا خۆی هەڵی بژاردوون و، زۆریش پاك و بێخەوشن ﴿٢٦﴾ هەرگیز ئەو فریشتانە قسەی خۆیان پێشی قسەی ئەو ناخەن، واتە: شتێك نالێن لەگەڵ فەرمایشتی خوادا دژبێو نەگونجێت، وهەر بەپێی فەرمانی ئەو کار ئەکەن ﴿٢٧﴾ .

هەروەها دەفەرموێت : ﴿ بِأَيۡدِي سَفَرَةٖ (١٥) كِرَامِۢ بَرَرَةٖ ﴾ {عبس :15-16} واتە : (قورئان) بەدەستی فریشتەی نوێنەری شارەزا گەیەنراون ﴿١٥﴾ کە بەڕێزو خواناس و ملکەچ و

فەرمانبەرداران ﴿١٦﴾ خوای گەورە بە بەرێزو خواناس وەصفی کردوون لای خۆی، لەجێگایەکی تردا دەفەرموێت : ( فَٱلَّذِينَ عِندَ رَبِّكَ يُسَبِّحُونَ لَهُۥ بِٱلَّيۡلِ وَٱلنَّهَارِ وَهُمۡ لَا يَسۡـَٔمُونَ۩﴾ { فصلت :38} واتە : ئەو (فریشتانە) کە لای پەروەردگارتەوەن، شەوو رۆژ هەر تەسبیحاتی ئەو ئەکەن، هیچ کات لەکاری خۆیان ماندوو و وەڕەز نابن . خوای گەورە وا وەصفی کردوون کە لای خۆینی ئەمەش ڕێزو حورمەتە بۆ ئەوان، لەگەڵ ئەوەی ئەوان مەقامی بەندایەتی خۆیان ڕادەگرن بەبێ هیچ ماندوو بوونێك .هەروەها پەروەردگار لەزۆر جێگای قورئاندا سوێندی پێخواردوون، ئەمەش دیسان شەرەف وڕێزە بۆ ئەوان، وەك فەرموویەتی : ﴿ وَٱلصَّٰٓفَّٰتِ صَفّٗا (١) فَٱلزَّٰجِرَٰتِ زَجۡرٗا (٢) فَٱلتَّٰلِيَٰتِ ذِكۡرًا ﴾ { الصافات :1-3} واتە : سوێند بەو فریشتانەی زۆر بەوردیی لەبارەگای خوا پەرستییدا ریز دەبەستن و مەلکەچ دەبن ﴿١﴾ ئینجا بەو فریشتانەی پاڵدەنێن بە هەورەکانەوە بۆ ئەو جێگایەی خوا ویستی لەسەرە بۆ باراندنی باران ﴿٢﴾ بەو فریشتانەش ئایەتەکانی قورئان بەسەر پەیامبەرەکاندا ئەخوێننەوە ﴿٣﴾ .

وه دەفەرموێت : ﴿ فَٱلۡفَٰرِقَٰتِ فَرۡقٗا (٤) فَٱلۡمُلۡقِيَٰتِ ذِكۡرًا ﴾ {المرسلات :4-5} واتە : سوێند بەو فریشتانەی کە حەق و ناحەق لێك جیادەکەنەوە ﴿٤﴾ ئینجا سوێند بەو (فریشتانە) ش پەیامی (خوا بە پێغەمبەران) دەگەیەنن ﴿٥﴾ ئەمە وچەند نمونە و وێنەی زۆری تر لەقورئانی پیرۆزدا کە ڕێز و شەرەفی فریشتەکان بە شێوەی جیا جیا و لەجێگای جیا جیادا باس دەکات، کە هیچ شاراوە نین لای ئەو کەسانەی بیر لە لەمانا و واتا بەرزەکانی قورئان دەکەنەوە، خوای گەورە زانا وشارەزاترە .

4- باوەڕ بوون بەوەی کە هەندێکیان لەهەندێکی تریان بەڕێزترن لای خوای گەورە و یەکسان نین لە فەزڵ وپلەوپایەیاندا، ئەمەش ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز بەڵگەن لەسەری، وەك خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ ٱللَّهُ يَصۡطَفِي مِنَ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةِ رُسُلٗا وَمِنَ ٱلنَّاسِۚ إِنَّ ٱللَّهَ سَمِيعُۢ بَصِيرٞ﴾ {الحج :75} واتە : خوا بە وویستی خۆی لە ناو فریشتەکاندا (وەك جوبرەئیل) و لەناو

خەڵکیشدا فرستادە هەڵدەبژێرێت، بەڕاستی خوا بیسەرو بینایە.

هەروەها فەرموویەتی : ﴿ لَّن يَسْتَنكِفَ ٱلْمَسِيحُ أَن يَكُونَ عَبْدًا لِّلَّهِ وَلَا ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ ٱلْمُقَرَّبُونَۚ ﴾ {النساء :172} واتە : هەرگیز مەسیح (عیسی علیه السلام) لاری لەوە نیە کە بەندەی خوا بێت، هەروەها فریشتە نزیکەکانیش لاریان لەوە نیە.

خوای گەورە لەو دوو ئایەتەی سەرەوەدا باسی ئەوەی کردووە کەلەناو فریشتەکاندا کەسانێکیان هەن هەڵبیژاردوون بۆ گەیاندنی پەیامی خۆی بە پێغەمبەرانی و کەسانێکیشیان هەن لەخۆیەوە نزیکن، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر فەزڵی ئەوانە بەسەر غەیری خۆیاندا، بەڕێزترین فریشتە نزیکەکان ئەوانەن کە عەرشی خوایان هەڵگرتووە، وە بەڕێزترین فریشتە نزیکەکانیش ئەو سێ فریشتەن کە لە دوعاکەی پێغەمبەری خوادا (صلی الله علیه وسلم) ناویان هاتووە، کە لە ذیکری (ئیفتاحی) شەونوێژیدا ناوی هێناون و فەرموویەتی : " اللهم رب جبريل وميكائيل وإسرافيل فاطر السموات والأرض عالم

الغيب والشهادة .." {رواه الإمام احمد في المسند ( 156/6)
والنسائي في السنن ( 173/3) برقم (1625) ونحوهما مسلم في
الصحيح برقم ( 770) وابن ماجه برقم ( 1357)} واته : ئەى
خوايە پەروەردگارى جوبرەئيل و ميكائيل و ئيسرافيل،
خولقێنەرى زەوى و ئاسمانەكان، زانا بەهەموو شتە نهێنى
وئاشكراكان ...

بەرێزترين فريشتەى ناو ئەو سێ فريشتەيش جوبرەئيلە (عليه السلام) كە خواى گەورە ڕايسپاردووە بە وەحى هێنان بۆ پێغەمبەران، شەرەف وڕێز و حورمەتى بەشەرەف و ڕێزى كارەكەيەوەيەتى، خواى گەورە لەقورئانى پيرۆزدا بەشێوەيەكى ناوى هێناوە كەبەهيچ شێوەيەك فريشتەكانى ترى بەو شێوە ناو نەهێناوە، بە بەڕێزترين ناو ناوى ناوە، وە بە جوانترتين وەصف وەصفى كردووە، يەكێك لەو ناوانە بە ناوى ( الروح ) وە ناوى بردووە، ەك فەرموويەتى : ﴿ نَزَلَ بِهِ ٱلرُّوحُ ٱلْأَمِينُ﴾ {الشعراء : 193} واتە : جوبرەئيلى ئەمين (قورئانى) هێنايە خوارەوە ، وە فەرموويەتى : ﴿ تَنَزَّلُ ٱلْمَلَـٰٓئِكَةُ وَٱلرُّوحُ فِيهَا ﴾

{القدر : 4} واتـه : لـەو شـەوەدا فریشتـه و جیبریلیش لـه ناویاندا

دێنـه خوارەوە ، ئـەم ناوه (الروح) هـەندێك جار لـەقورئـاندا

ئـیضافـه کراوه بۆ لای خوای گـەوره بـه ئـیضافـەی تـەشریف، وەك

دەفـەرموێت : ﴿ فَأَرْسَلْنَآ إِلَيْهَا رُوحَنَا فَتَمَثَّلَ لَهَا بَشَرًا سَوِيًّا ﴾ {مریم :17}

واتـه : ئـێمـەیش رۆحـی خۆمان (واتـه جوبرەئیل) ناردەلای

مـەریـەم، وەکو بـەشرێکی تـەواو خۆی پیشانیدا .

وه هـەندێك جاریش ووشـەی (الروح) کـەمـەبـەست پێی جوبرەئیلـه

ووشـەی (قودس) ی دراوەت پاڵ کـه بـەڵگـەیـه لـەسـەر ڕێزی ئـەم

فریشتـەیـه، وەك خوای گـەوره فـەرموویـەتـی : ﴿ قُلْ نَزَّلَهُۥ رُوحُ ٱلْقُدُسِ

مِن رَّبِّكَ بِٱلْحَقِّ ﴾ {النحل :102} واتـه : تۆ لـه وەڵامیاندا بلـێ: (روح

القدس) (جوبریل)ـه کـه لـەلای پـەروەردگارتـەوه بـەحـەق

ودادگـەرانـه دایبـەزاندووه .... (القدوس) یش وەك ڕاسترین ڕای

زانایـانـی تـەفسیره مـەبـەست پێی خوای گـەوره (اللـه) یـه.

ئـەوەیشـی لـەوەصفی جوبرەئیلدا هـاتووه ئـەوەی خوای گـەوره

فـەرموویـەتـی : ﴿ إِنَّهُۥ لَقَوْلُ رَسُولٍ كَرِيمٍ (١٩) ذِى قُوَّةٍ عِندَ ذِى ٱلْعَرْشِ مَكِينٍ

(﴿٢٠﴾) مُّطَاعٍ ثَمَّ أَمِينٍ ﴾ {التكوير : 19-21} واتە : بێگومان ئەم

قورئانە قسەو وتەی نێرراوێکی بەڕێزە کە فریشتەی نیگاو

سروشە. واتە فەرموودەی خوایە بەهۆی جبریلەوە

نێردراوە ﴿١٩﴾ خاوەنی هێزو مەکانەتە ، لای عەرشی (خوا) ش

زۆر بەڕێزو پایە بەرزە ﴿٢٠﴾ لەوێش (لەئاسماندا) فەرمانڕەواو

قسە بیسراوە، ئەمین و دەست پاکە لەو سروشەدا دەیهێنێ،

هیچ خیانەتی تێدا ناکات، وە فەرموویەتی : ﴿ عَلَّمَهُۥ شَدِيدُ ٱلْقُوَىٰ

(﴿٥﴾) ذُو مِرَّةٍ فَٱسْتَوَىٰ ﴾ {النجم : 5-6} واتە : جوبرەئیلی فریشتە

خاوەنی هێزو توانای زۆر، قورئانی فێر کردووە ﴿٥﴾ ئەو

جوبرەئیلەی کەخاوەنی بیرو هۆشێکی زۆر بەهێزو دیمەنێکی

جوان بوو، ئینجا لەسەر شێوە ڕاستەقینەکەی خۆی وەستا ...

بەڵێ خوای گەورە وا وەصفی کردووە کە پەیامبەرێکە و

بێگومان زۆریش بەڕێزە لای خۆی، وە وەصفی کردووە کە زۆر

بەهێزە و خاوەنی پلەوپایەیە لای پەروەردگاری پاك

وپێگەردی، وە جوبرەئیل قسە بیستراوە لەناو فریشتەکانی تر و

ئەهلی ئاسمانەکاندا، وە زۆر دەست پاك وئەمانەت پارێزە بۆ

وەحی وشروشی خوای گەورە، وە خاوەنی ڕووالْەتێکی زۆر جوانیشە .

5- خۆشویستن وپاڵپشتی وپشتگیری کردنیان و هۆشیاردانیش لە دوژمنایەتی نەکردنیان، خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ وَٱلْمُؤْمِنُونَ وَٱلْمُؤْمِنَٰتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَآءُ بَعْضٍۚ ﴾ {التوبة :71} واتە : پیاوان و ئافرەتانی باوەڕدار هەندێکیان یارمەتی دەر و خۆشەویستی هەندێکی تریانن ...... فریشتەکان دەچنە ناو مانا و وواتای ئەم ئایتە پیرۆزەوە چونکە فریشتەکانیش باوەڕدارن وهەڵدەسن بە گوێڕایەڵێ پەروەردگاریان هەروەك خوای گەورە هەواڵی پێداوە ﴿ لَّا يَعْصُونَ ٱللَّهَ مَآ أَمَرَهُمْ وَيَفْعَلُونَ مَا يُؤْمَرُونَ ﴾ {التحريم :6} واتە : نافەرمانی خوا ناکەن لە هیچ شتێکدا کە فەرمانیان پێ بدات و هەرچی فەرمانێکیان پێ بدرێت ئەنجامی دەدەن ....

خوای گەورە هەواڵی ئەوەی داوە کە فریشتەکان پاڵپشت وپشتگیری پێغەمبەران وباوەڕداران دەکەن، وفەرموویەتی : ﴿ وَإِن تَظَٰهَرَا عَلَيْهِ فَإِنَّ ٱللَّهَ هُوَ مَوْلَىٰهُ وَجِبْرِيلُ وَصَٰلِحُ ٱلْمُؤْمِنِينَۖ ﴾ {التحريم :4} واتە : ئەگەر پشتی یەکتر بگرن لە دژی پێغەمبەر(صلی الله

عليه وسلم) (سەرکەوتوو نابن) چونکە بێگومان خوا پشگیری ئەوەو هەروەها جوبرەئیل و ئیمانداره چاکەکانیش...

وەفەرموویەتی : ﴿ هُوَ ٱلَّذِى يُصَلِّى عَلَيْكُمْ وَمَلَٰٓئِكَتُهُۥ لِيُخْرِجَكُم مِّنَ ٱلظُّلُمَٰتِ إِلَى ٱلنُّورِ ۚ ﴾ {الاحزاب :43} واتە : هەر ئەو زاتە خۆی (صلوات) و ڕەحمەتی خۆیتان هەمیشەو بەردەوام بەسەردا دەبارێنێت، هەروەها فریشتەکانیشی (داوای لێخۆشبونتان بۆ دەکەن) بۆ ئەوەی لە تاریکستانەکان دەرتان بکات و ڕزگارتان بکات وە بتانخاتە ناو نوورو ڕووناکی.... لەجێگایەکی تریشدا فەرموویەتی : ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ قَالُواْ رَبُّنَا ٱللَّهُ ثُمَّ ٱسْتَقَٰمُواْ تَتَنَزَّلُ عَلَيْهِمُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ أَلَّا تَخَافُواْ وَلَا تَحْزَنُواْ ﴾ {فصلت :30} واتە : بەڕاستی ئەوانەی وتیان خوا پەروەردگارمانەو لەپاشان ڕاست (لەسەر ئایین) بەردەوام بوون فریشتەکان پۆل پۆل دێنە لایان (کاتی مردن یان زیندوو بوونەوە) (پێیان دەڵێن) کە مەترسن و خەفەت مەخۆن.

بەمەش پاڵپشتی وپشتگیری خۆشەویستی فریشتەکان واجب بوو لەسەر باوەڕداران ئەویش لەبەر پاڵپشتی وپشتگیری فریشتەکان بۆ ئەوان وسەرخستن و داوای لێخۆش بوون بۆ

کردنیان لای خوای گەورە، هەر لەبەر ئەمە پەروەردگار باوەڕدارانی ئاگادارکردوەتەوە لە دوژمنایەتی کردنی فریشتەکان و فەرموویەتی : ﴿ مَن كَانَ عَدُوًّا لِّلَّهِ وَمَلَٰٓئِكَتِهِۦ وَرُسُلِهِۦ وَجِبْرِيلَ وَمِيكَىٰلَ فَإِنَّ ٱللَّهَ عَدُوٌّ لِّلْكَٰفِرِينَ ﴾ {البقرة : 98} واتە : ئەو کەسەی دوژمن بێت بە خواو فریشتەکانی و پێغەمبەرەکانی، بەتایبەت جوبرەئیل و میکائیل، ئەوە با بزانێت و دڵنیا بێت کە خوای گەورە دوژمنی کافرو بێباوەڕانە .

لەم ئایەتەدا خوای گەورە دوژمنایەتیکردنی فریشتەکانی بە دوژمنایەتیکردن وناڕەزایی خۆی داناوە، ئەویش لەبەر ئەوەی ئەوان بەفەرمان وحیکمەتی ئەو دەرچوون، وەهەرکەسیش دوژمنایەتیان بکات ئەوە دوژمنایەتی خوای گەورەی کردووە.

6- باوەڕ بوون بەوەی فریشتەکان دروستکراوێکن

لەدروستکراوەکانی خوای گەورە وبەهیچ شێوەیەك کاریان نییە بە کاروباری دروستکردن وبەڕێوەبردن وڕاپەڕاندنی کارەکانەوە، بەڵکو ئەوان سەربازێکن لەسەربازەکانی خوای گەورە وبەفەرمانی ئەو کار دەکەن و پەروەردگار خۆی هەموو

فەرمانەكانی بەدەستە وهیچ شەریك وهاوەڵێكی نییە لەمەدا، بەهەمان شێوە دروست نییە پەرستن یان بەشێكی ئەنجام بدرێت بۆ فریشتەكان، بەڵكو پێویستە عیبادەت وپەرستن تەنها وتەنها بۆ خالقی فریشتەكان وخالقی هەمووان بكرێت، كە هیچ شەریك وهاوەڵێكی نییە لە پەروەردگاریەتی وپەرستندا و هاوشێوە و وێنەی ئەویش نییە لە ناو وصیفاتیكانیدا، ئەمەش خوای گەورە بە جوانی ڕوونی كردوەتەوە وفەرموویەتی : ﴿ وَلَا يَأۡمُرَكُمۡ أَن تَتَّخِذُواْ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةَ وَٱلنَّبِيِّـۧنَ أَرۡبَابًاۗ أَيَأۡمُرُكُم بِٱلۡكُفۡرِ بَعۡدَ إِذۡ أَنتُم مُّسۡلِمُونَ﴾ {آل عمران :80} واتە : وە خوا فەرمانتان پێ نادات كە فریشتە و پێغەمبەران بكەن بە پەرستراوی خۆتان چۆن فەرمانتان پێ دەدات بێ بڕوابن (كافر بن) دوای ئەوەی كە ئێوە بڕوا دار بوون ؟....هەروەها فەرموویەتی : ( وَقَالُواْ ٱتَّخَذَ ٱلرَّحۡمَٰنُ وَلَدٗاۗ سُبۡحَٰنَهُۥۚ بَلۡ عِبَادٞ مُّكۡرَمُونَ (٢٦) لَا يَسۡبِقُونَهُۥ بِٱلۡقَوۡلِ وَهُم بِأَمۡرِهِۦ يَعۡمَلُونَ (٢٧) يَعۡلَمُ مَا بَيۡنَ أَيۡدِيهِمۡ وَمَا خَلۡفَهُمۡ وَلَا يَشۡفَعُونَ إِلَّا لِمَنِ ٱرۡتَضَىٰ وَهُم مِّنۡ خَشۡيَتِهِۦ مُشۡفِقُونَ (٢٨) ۞وَمَن يَقُلۡ مِنۡهُمۡ إِنِّيٓ إِلَٰهٞ مِّن دُونِهِۦ فَذَٰلِكَ نَجۡزِيهِ جَهَنَّمَۚ

كَذَٰلِكَ نَجۡزِي ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٢٩﴾ {الانبياء :26-29} واتە : (بێ باوەڕان

وتیان خوای میهرەبان منداڵی بۆ خۆی بڕیارداوە (کە

فریشتەکانن) پاك و بێگەردە خوا (لەم شتانە) بەڵکو ئەوانە

(فریشتە) بەندەی ڕێز گیراوی خوان ﴿٢٦﴾ ئەو فریشتانە

ئەوەندە ڕەوشت بەرزن) هەرگیز (نافەرمانی ناکەن و) قسە

لەقسەیدا ناکەن و لە گوفتاردا پێشی ناکەون، ئەوانە بە

فەرمانی ئەو دەجوڵێنەوە و فەرمانی ئە جێبەجێ دەکەن ﴿٢٧﴾

هەر خوا دەزانێت ئە خەڵکە لە ڕابوردوودا چیان ئەنجامداوە و

لە داهاتووشدا چی ئەنجام دەدەن (دنیا و قیامەت، ڕابوردوو و

داهاتوو، بۆ ئەو زاتە چوونیەکە)، فریشتەکانیش تکاکار نابن

تەنها بۆ ئەو کەسانە نەبێت خوا پێی ڕازییە و ئەو فریشتانە

لە ترسی ئەو زاتە ناوێرن هیچ سەرپێچیەک ئەنجام بدەن

﴿٢٨﴾ وە هەر کام لەوانە (فریشتەکان) بڵێ بێگومان منیش

پەرستراوم جگە لە خوا ئەو بە (ئاگری) دۆزەخ تۆڵەی لێ

دەسەنین هەر بەو جۆرە پاداشتی ستەمکاران دەدەینەوە

(تۆڵەیان لێ) دەکەینەوە﴿٢٩﴾ .

خوای گەورە فەرمانی نەکردووە بە پەرستنی فریشتەکان، چۆن فەرمان دەکات بەپەرستنیان لەکاتێکدا ئەمە بێباوەڕ وکوفرێکی گەورەیە بەخوای گەورە، پاشان بانگەشە ودەنگۆی ئەوانەی بەتاڵ کردوەتەوە کە واگومان دەبەن کە فریشتەکان کچی خوان وبێگومان خۆیشی لەمە بەدوور گرتوە، لەهەمان کاتدا ئەوەی ڕوون کردوەتەوە کە فریشتەکان بەندەی بەڕێزی خۆینی و بەفەرمانی ئەو کاردەکەن و لەترسی ئەو ذاتە پیرۆزە ناوێرن هیچ سەرپێچیەک ئەنجام بدەن، وەبەهیچ شێوەیەك شەفاعەت بۆ کەس ناکەن مەگەر خوای گەورە ڕێگایان پێ بدات، و ڕازی بێت کە شەفاعەت بۆ یەکخواپەرستان بکەن، پاشان کۆتایی بەوە هێناوە هەرکەس لەوان ئیدعای خوایەتی بکات بەتوندترین سزای دۆزەخ سزایان ئەدات، بەمەش ئەوە دەردەکەوێت کە فریشتەکان ملکەچ وفەرمانبەرداری پەروەردگاریانن وهیچ هێز وهەوڵێکیان غەیری هێز و هەوڵی خودا نییە .

7- باوەڕبوونی وورد بەوانەی کە ناویان هاتووە لەفریشتەکان بەشێوەیەکی تایبەت کە لەقورئان وسوننەتدا هاتووە، وەك

جوبرەئیل ومیکائیل وئیسرافیل ومالك وهاروت وماروت ورضوان ومونکیر و نەکیر وغەیری ئەمانەیش کە دەقەکانی قورئان وسوننەت ناویان هێناون، هەروەها باوەڕ بەوانەیش کە بەشێوەی وەصف وەصفیان هاتووە، وەك ( رقیب، چاودێر ) و ( عتید، ئامادە )، یان بە شێوەی وەضیفە و کارەکانیان ناویان هاتووە، وەك ( ملك الموت، فریشتەی مردن ) و (ملك الجبال، فریشتەی چیاکان )، یان ئەوەی دەقەکان بەشێوەیەکی گشتی ناوی کارەکانیان هێناون وەك ( حملة العرش، هەڵگرانی عەرش ) و ( الکرام الکاتبین، نووسەرانی بەڕێز ) و ( الموکلین بالخلق، ڕاسپێرراو بەکاروباری دروستکراوەکان ) و ( الموکلین بحفظ الخلق، ڕاسپێرراو بەپارێزگاری کردنی دروستکراوەکان ) و (الموکلین بحفظ الاجنة والارحام، ڕاسپێرراو بەپارێزگاری کردنی کۆرپەلە ومناڵدانەکان) و (طواف البیت المعمور، تەوافکارانی بەیتول مەعمور) و ( ملائکة السیاحین، فریشتە گەشتیار وگەڕۆکەکان) تا کۆتایی ئەوەی کە خوای گەورە وپێغەمبەرەکەی (صلی الله علیه وسلم) لەبارەیانەوە هەوالیان پێیداوە .

بۆیه واجبه باوەڕهێنان بەمه بە باوەڕێکی وورد وتەفصیل بەو شێوەیەی کە لە دەقەکانی قورئان وسوننەتدا هاتووه لەناو وصیفات وکاروپیشه وهەواڵیان، وه بەڕاست زانینی هەموو ئەمانه بەو شێوەیەی لەمەودوا بەووردی ڕوونی دەکەینەوه بەیارمەتی و وویستی خوای گەوره .

ئەمه کۆمەڵێك ووردەکاری بوو کە واجبه بەم شێوەیه باوەڕ بە فریشتە بەرێزەکان بهێنرێت کە دەقە شەرعییەکان بەڵگەن لەسەریان، خوای گەوره وپەروەردگار زانا وشارەزاتره..